# سێمیۆتیک وهێرمێنوتیک لە نێوان هونەری نیگارکێشان وتەلارسازی هاوچەرخ دا (پارێزگای هەولێر وەك نمونە)

**سیروان رفعت احمد[١]، علاء شاكر محمود العتبی[٢]، ئازاد حمە احمد[٣]**
[١]بەشی شێوەکاری، کۆلیژی هونەرەجوانەکان، زانکۆی سەلاحەددین، هەرێمی کوردستان، عێراق
[٢]بەشی پەروەردەی هونەری، کۆلیژی هونەرەجوانەکان، زانکۆی دیاله، عێراق
[٣]بەشی تەلارسازی، کۆلیژی ئەندازیاری، زانکۆی ئەمریکی – دهۆك، هەرێمی کوردستان، عێراق

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە جەخت لە سەر (سێمیۆتیک وهێرمێنوتیک لە نێوان هونەری نیگارکێشان و تەلارسازی هاوچەرخ) دا دەکاتەوە. وەکو لایەنێکی گرنگ لە چۆنێتی خوێندنەوەی تێکست، وەک ئەوەی کە لە شێوە و فۆڕمدا لە هونەری نیگارکێشان وتەلارسازی هاوچەرخ دا دەردەکەوێت ، لە ڕێگای ئەو گۆڕانکاریانەی کە ڕویداوە لە هزری هاوچەرخدا، پاشان ڕێنوێنی هونەر و تەلارسازیشی کرد بە شێوەیەکی گشتی بەرەو پانتایەکی زیاتر، بۆ نمونە گۆرانکارییە شێوەییەکان لە کیوبیزم ئاراستەیەکی نوێی گرتە بەر وە لە ئەنجامدا بووە هۆی لە ناوچوونی هەموو شێوە واقعییەکان .ئەم توێژینەوەیە چوار بەش لە خۆ دەگرێت، یەکەمیان چوارچێوەی گشتی، کێشەی توێژینەوە کە جەخت دەکاتەوە لە سەر ئایە سیمیۆتیك وهێرمۆنتیك چۆن کار دەکەن لە ناو بازنەی نیگارکێشی وتەلارسازیدا؟ ئایە سیمیۆتیك وهێرمۆنتیك گرنگن لەم دوو بوارە؟ وگرنگی توێژینەوە، و ئامانجی توێژینەوە بریتیە لە دەرخستنی دەرکەوتەکانی (سێمیۆتیک وهێرمێنوتیک لە نێوان هونەری نیگارکێشی وتەلارسازی هاوچەرخ)، وسنوری توێژینەوە، هەروەها پێناسەی زاراوەکان کە ئاماژەی پێکراوە لە دەقی ئەم توێژینەوە، بەڵام بەشی دووەم چوارچێوەی تیۆری بریتیە لە سێ تەوەر، تەوەری یەکەم لێکدانەوەی وێنەی سیمیوتیکی هاوچەرخ وتەوەری دووەم چەمکی سێمیۆتیك لە هونەری وێنەکێشان وتەلارسازی هاوچەرخ، وتەوەری سێیەم چەمکی هیرمۆنتیك لە هونەری نیگارکێشی وتەلارسازی هاوچەرخ، هەروەها نیشاندەرەکانی چوارچێوەی تیۆری، و بەشی سێیەم ڕێککارەکانی توێژینەوەیە کە پێکهاتووە لە کۆمەڵگای توێژینەوە و نمونەکانی، ئامرازی توێژینەوە، و شیکردنەوەی نمونەکانی توێژینەوە کە دەکاتە دوو نمونە، وە بەشی چوارەم بریتیە لە ئەنجامەکان و دەرئەنجامەکان، هەروەها لیستی سەرچاوەکان.

**وشە سەرەکییەکان:** سێمیۆتیك، هیرمۆنتیك، تێکست، هونەری نیگارکێشی، تەلارسازی

## پێشەکی

ئاشکرایە سیمیۆتیك وهێرمۆنتیك ڕۆڵێکی بەرچاویان لە ئەنجامدان ودروستکردنی واتاکان لە نێو تێکستەکاندا هەیە ، دەق وتێکست تەنها ئەو ڕووەی نییە کە بەتەنها لە نێو دەقێکی هونەریدا خۆی پیشان بدات وبخوێنرێتەوە، بەڵکو هونەری شێوەکاریش دەقێکی بینراوە کە بە هەمان شێوە مانا دەبەخشێت بە بینەر، و کاریگەریشی زیاتر بەجێدەهێڵێت، چونکە لە هونەری نیگارێشی بە نمونە بە کرداری شێوەکان دەهێنێتە پێش چاوی بینەر بە ڕەنگ و شێوە و تێکسچەر وە هموو وردەکارییەکانی، وەکو ئەوەی باوە کە دەڵێت وێنە ڕاستگۆترە لەگواستنەوەی زانیارییەکان... هەروەها تەلارسازیش بە هەمان شێوە وەکو پێکهاتەیەکی بەرجەستەکراو زمانێکە قسەی پێدەکرێت و بینەر دەیبینێت و دەیخوێنێتەوە، بۆیە توێژەران لەم توێژینەوەیە هەولدەدەن کە تیشك بخەنە سەر چۆنێتی کارکردنی سیمیۆتیك و هێرمۆنتیك لە هونەری نیگارکێشی و تەلارسازی هاوچەرخ.

### ١- چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە

**١-١ کێشەی توێژینەوە:** سیمیۆتیك و هێرمۆنتیك بە شێوەیەکی گشتی لەو نمونە هزریانە کە جەخت دەکەنەوە لە سەر نیشانە و هێماکان لە لایەك و لێکدانەوە لە لایەکی ترەوە و ڕێکخستنەوەی ڕەگەزەکان لە چۆنێەتی بە نمونەکردنی کرۆکی ئەو بیرۆکەیەی کە پەخش دەکرێت بۆ بینەر، هەروەها لە ئەنجامی ئەم پرۆسەیە پوخت کردنی کۆمەڵێك بیرۆکە وڕاوبۆچوون وگێڕانەوەی بە شێوەیەکی زاراکی، بە شێوەی

گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٧، ژمارە ١ (٢٠٢٤)
ڕێککەوتی: وەرگرتن ١٤ تموز ٢٠٢٣؛ پەسەندکردن: ٣ ئەیلوول ٢٠٢٤
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ١٨ حوزەیران ٢٠٢٤ بڵاوکراوەتەوە.
ئیمەیڵی توێژەر: sirwan.ahmed@su.edu.krd
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢٤ سیروان رفعت احمد، علاء شاکر محمود العتبی، ئازاد حمە احمد،
گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 4.٠

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2024.pp199-208

نوسین، کارێکی هونەری یان تەلارسازی بە پێی پێویستی کرداری وجوان و کاریگەر لە سەر زاتی مرۆڤایەتی بە شێوەیەکی گشتی ونوخبە یان تەلارساز و هونەرمەند بە شێوەیەکی تایبەتی.

بۆیە ئەم توێژینەوەیە دەبێتە مایەی دەرخستنی واتاکان وچۆنێتی کارکردنی سیمیۆتیك وهێرمۆنتیك لە ڕێگای زنجیرە توخمەکانەوە وچۆنیەتی دارشتنی بیرۆکەکان و سەرنجدانی بینەر لە شێوەیەکی ئاسانەوە بۆ گرانترین شێوە بۆ ئەوەی هەست بە گێڕانەوە و مەبەستە شاراوەکان لە ناو پێکهاتەی تێکستەکان ودەرخستنی گوتاری باسکراو بکات ، وبەم بۆیەوە توێژەر هەڵدەستێت بە کورتکردنەوەی کێشەی توێژینەوەکەی بەم پرسیارەی لای خوارەوە.

ئایە سیمیۆتیك وهێرمۆنتیك چۆن کاردەکەن لە ناو بازنەی هونەری نیگارکێشی و تەلارسازیدا؟ ئایە سیمیۆتیك وهێرمۆنتیك گرنگن لەم دوو بوارە؟

**١-٢ گرنگی توێژینەوە:** ئەم توێژینەوە هاوکار دەبێت لە بۆ (هونەرمەندان وتەلارسازان) کە چۆن بتوانن بدوێن لە سەر کێشەکانیان لە ڕوی جێبەجێکردنی زانستی، پشتی بەستبێت بە ڕێچکەیەکی زانستی لە گەڕان و شیکردنەوە، بەم جۆرەیە هۆشیاری فیکری لە سیمیۆتیك وهێرمۆنتیك لە هونەری نیگارکێشی و تەلارسازی هاوچەرخ بەدی دەهێنرێت ، هەروەها دەکرێت سود لەم توێژینەوە وەربگیرێت لە بونیادنانی نەوەیەکی داهێنەر، هۆشیاری هەبێت لە شێوە وجوانی لە لایەنی دیزاینیەوە، کە بتوانی خوێندنەوەیەکی سیمیۆتیك بکات، وە لە لایەنی ڕۆشنبیرییەوە، نەوەیەکی هەڕەمەکی نەبێت، هۆشیار بێت لە ڕوی هونەرییەوە، و هاوکار بێت لە ڕونکردنەوەی تایبەتمەندییەکانی.

**١-٣ ئامانجی توێژینەوە:** دەرخستنی دەرکەوتەکانی سیمیۆتیک و هێرمێنوتیک لە نێوان هونەری نیگارکێشان وتەلارسازی هاوچەرخ

**١-٤ سنووری توێژینەوە:**

**سنووری بابەتی/** سیمیۆتیک وهێرمێنوتیک لە نێوان هونەری نیگارکێشی وتەلارسازی هاوچەرخ

**سنووری شوێن/** کاری هونەری یان تەلارسازی کە لە لایەن هونەرمەندان وتەلارسازانی پارێزگای هەولێر ئەنجامدراوە.

**سنووری کاتی/** ٢٠٠٠-٢٠١٠

**١-٥: پێناسەی زاراوەکان**

پێناسەی زمانەوانی: سیمیۆتیک "نیشانە ونیشانەی کاری وکاریگەری تێکرد لە ڕووەوە. ئەم پیاوە بە ڕووکاری دەناسرێتەوە کە خۆی پێی ناساندووە. ونیشانە سەرچاوە وکاریگەرییە"(البستاني، ٢٢٥٠)

پێناسەی چەمکی: سیمیۆتیك "سەبارەت بە سیمیۆتیکەکان - پێرس لەسەر بنەمای بنەڕەتی (کە هێماکە (تایبەتمەندی) شتێکە کە بەسوودە بۆ زانینی شتێکی تر)، کە ئەم زانیارییە زیادکراوە لە مانای پێرسی وشەکەدا ئاماژە بەوە دەکات کە گواستنەوە لە وەرگێڕێکەوە بۆ وەرگێڕێکی تر دەبێتە هۆی بەدەستهێنانی هەڵبژاردنی فراوانتر، جا لەسەر ئاستی ڕاپۆرتەکە بێت یان لەسەر ئاستی بینینی هەستپێکراو"(ئیکۆ، ٢٠٠٠، ٢٠)

پێناسەی ڕێککاری: ئەو تایبەتمەندییە یان نیشانەیە کە هونەری وێنەکێشان و تەلارسازی هاوچەرخ لە ڕوی دیزاین و پێکهاتەی هونەرییەوە لەوانی تر جیا دەکاتەوە.

پێناسەی زمانەوانی: هێرمۆنتیك "لێکدانەوەی ئەوەی کە شتێک دەگەڕێتەوە بۆ شتێک ولێکدانەوەی بۆ کرا، لێکدانەوەکەی لە مانای"(الرازي، ١٩٥٦، ٣٢).

پێناسەی چەمکی: هێرمۆنتیك "**هونەرە، بە واتای ڕێگایەکە بۆ کارکردن لەسەر تێکستەکان بۆ دەرخستنی پێکهاتەی ناوەوە وخۆجێی و وەزیفەی پێوەری زانستیی، گەڕان بە دوای ڕاستییە شاراوەکان لە تێکستەکان وە ڕەنگە لە ناوچووەکان لە بەر لایەنی مێژوویی یان ئایدیۆلۆژی، بۆیە هونەری لێکدانەوە (هێرمۆنتیك) دەست دەگرێت بە بناغە سەرەکیەکانەوە وسەرچاوە ڕەسەنەکانەوەلە هەموو دامەزراندنێکی مەعریفی وبەڵگەدار ودیالیکتیکی**"(الزين، ١٩٩٩، ٧٥).

پێناسەی ڕێککاری: بریتییە لە وەرگرتنی مانا لە پێکهێنانی هونەری شێوەکاری وتەلارسازیی هاوچەرخ لە چوارچێوەی سنورەکانی لێکۆڵینەوەدا لە ڕێگەی پێشنیازەکانیەوە بەپێی سەرچاوە ئێپیستمۆلۆجییەکانی.

## ٢- بەشی دووەم چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە

### ٢-١ لێکدانەوەی وێنەی سیمیوتیکی هاوچەرخ

لە ماوەی پێشکەوتنەکانی تەکنیکی کە جیهانە داخراوەکانی ڕون کردەوە پێشتر مرۆڤ پێی نەگەشتبوو، جیهانێك پڕ لە وێنە و ئایکۆن و پێویستی بە خوێندنەوە و لێکدانەوەیە، لە هەبوونی جۆرێك لە تێکەڵکێشی وتێنەگەیشتنی زۆر لە بابەتەکان کە بووە سەرنجی گفتوگۆ بەڵکو ئامادەکاری سمیناراتی زانستی لە نێوان کەسانی ئەکادیمی پسپۆڕ لەم بوارە، هەروەها زانکۆکان ئەمەیان وەکو وانەیەك دەخوێند، وەکو ئەوەی ڕونە شێوەکانی بیرۆکەی مرۆڤەکان پشت دەبەستێت بە گۆڕانکارییە سەردەمییەکان کە بە شێوەیەکی سەرەکی پشت بە لێدوان و بۆچوونی پسپۆڕان و زانایان وئەکادیمییەکان وە توێژینەوە ئامادەکراوەکان دەبەستێت، لەم بوارەدا کە ئێمە ئەوەمان بۆ دەرکەوت "داوای پەرەپێدانی شێوازی نوێی هەڵسوکەوت و بیرکردنەوە و ئارەزو دەکرێت لەسەر بنەمای زیادکردن لە جیاتی کەمکردنەوە و یەکگرتنەوە، لە سەر بنەمایی لە جیاتی هاوسەنگی، وجیابوونەوە لە جیاتی پەیوەندی"(الشیخ، ١٩٩٦، ١٧) ئەم شێوازانە وا دەردەکەون کە لەسەر بنەمای فرەیی وهەمەجۆری دامەزراون بەبێ ئەوەی بێهاوتا بن لە هاوشێوەبوون و هاوتاکردن و گۆڕانکاری و هەمیشەیی بەبێ جێگیری و سەقامگیری، هەروەها ئازادی لە هەموو جۆرەکانی گۆشەگیری لە چوارچێوەی بازنەیەکی داخراوی یەکلایەنە و بەشداریکردن لە هەموو شێوەکانی ڕزگاربوون لە سنوردارکردن وگریمانەکان، هەروەها دەکرێت قسە لە سەر "جینالۆجی بکەین کە بۆچوونێکی ڕەخنەگەرانەی لەسەردەمی ئێستادا هەیە ، لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو سەردەمەی پێشو دەکاتە ئامانج کە ڕێگا بۆ ئەوە خۆش دەکات، دەستپێکردن بە ڕەخنەیەک لە ئەفلاتونیزم وەک بنچینەی میتافیزیکی مۆدێرن کە پێویستە تێپەڕکرێت وبتەکان لە ناوببرێن"(Firy, 1999, 225)، سەردەمێک کە لەسەر بنەمای فرەیی و ناکۆکی بوونی هەیە سەبارەت بە ناسەقامگیربوونی ئایدیاکان و لەناوبردنی پیرۆزییە جۆراوجۆرەکان بەبێ وەستان لە خاڵێک یان سنورێکی دیاریکراودا.

وەرچەرخانە مۆدێرنەکان و سەرهەڵدانی دۆخی پێشکەوتنی تەکنیکی وملکەچکردنی جیهان بۆ زمانی وێنە مۆدێرنەکان وەک کۆمەڵێک نیشانە و هێمای سیمیۆتیك، بەپێی ئەو پێشنیازانەی کە بەردەستن لای سۆسێر، پێرس وئەوانی تر، ئەوان لە نیشانەکەوە بابەتە بینراوەکانیان وەردەگرن کە نوێنەرایەتی بیرۆکەیەک دەکەن ولە ڕێگەی ئەو نیشانەوە دەگوازرێنەوە بۆ وەرگر، لەگەڵ ئەوەشدا، ئاماژەکان بۆ ئەم

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2024.pp199-208

بابەتانە لە جیاتی بابەتە سەرەتاییەکە ڕودەدات، واتە وەرگرەکە زانیاری وەردەگرێت لە ڕێگەی نیشانەیەکەوە لە جیاتی سەرچاوەی بابەتەکە، ئەم زانیاریە لەوانەیە شتێکی مەعنەوی بێت، بیرۆکەیەک، پەیامێک، یان هەر بابەتێکی تر، لەگەڵ ئەوەشدا، نیشانەکە شێوازی شێوە و زانیاری یان پێشینەی هەیە لە پێکهاتەی کۆمەڵگادا ولەلایەن مێشکی مرۆڤەوە بەدی دەکرێت و کرداری پەیوەندیکردن بەدەست دەهێنێت، لە م بارەیەوە "ئەیکۆ گوتی فێری منداڵی فەرەنسی بکە کە وشەی فەرەنسی Lapin "کەروێشک" تەنها یەکێکە لەو هەزاران وشەیەی کە سەر بە زمانەکانی دیکەیە کە لە جیهانی دەرەوەدا ئاماژەیان پێ دەکرێت بە هەمان شت"(دونو، ٢٠٢٠، ٤٣-٤٤)، لێرەوە دەست دەکات بە خاڵی دەستپێکی خوێندنەوە وئەرک ولێکدانەوە بەپێی کلتوری تاک و فشاری کۆمەڵایەتی ولایەنی دەرونی، لەگەڵ ئەوەشدا خوێندنەوە و لێکدانەوە چەندین جۆر و خوێندنەوەی جیاواز لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر و لە ژینگەیەکەوە بۆ ژینگەیەکی تر بەگوێرەی دیاریکەرە پێشینییەکان ولەسەر بنەمای نەریت وکەلتور لە هەندێک ڕووەوە و شیکردنەوەی زانستی لە لایەکی ترەوە، بەڵام "لە شیکردنەوەی خوێندنەوە جیاوازەکاندا، ڕیچاردس لە گرنگی ئەو چوارچێوەیە تێدەگات کە خوێنەر تێیدا دێت بۆ دیاریکردنی خوێندنەوەی دەقەکە... ڕیچاردس بە ڕونی تێدەگات کە ئەو چوارچێوەیەی کە خوێنەر تێیدا دێت ودەقەکەی هەیە، خوێندنەوەکانی خۆی بۆ دەقەکە دیاریدەکات، واتە خوێندنەوەکانی بۆ دەقەکە بە ستراتیژی خوێندنەوەکانی پێشوی دیاریدەکرێن"(حمودە، ١٩٧٨، ٢٧٦) ئەوە کلتوری خوێنەر و ژینگە کۆمەڵایەتییەکەیەتی، وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، ئەوەیە کە ئەو ستراتیژە واتا ئەو شێوازە دیاریدەکات کە لێکدانەوەی دەقەکە بەپێی تێڕوانینی خوێنەر دەردەکەوێت، پێکهاتەی دەق و ستراتیژە دیاریکراوەکەی وا لە وەرگر یان خوێنەر دەکات بەرەو لێکۆڵینەوە لە وردەکارییەکانی دەق وچۆنیەتی خۆگونجاندن لەگەڵ لۆژیکی ئەقڵی خوێندنەوەیدا ڕابکێشێت.

### ٢-٢ چەمکی سیمیۆتیک لە هونەری وێنەکێشان وتەلارسازی هاوچەرخ

سیمیۆتیک جەخت سەر لێکۆڵینەوە لە دەقی تەلارسازی ونیگارکێشی لەسەر هەمموو ئاستەکان وناوەڕۆکی ئەم دەقە دەکاتە ، ئەم لێکۆڵینەوەیە ڕوکەش وقوڵی پێکهاتە هەروەها دەستگەیشتن بە ناو دەقەکەدا دەگرێتەوە، ئەمەش بۆ دەرخستنی ئەو مانا شیاوە ناگێڕدراوانە ودەرخستنیان لەڕێی لێکدانەوەی ڕون و تێگەیشتن لە ئاماژە کلتوری و کۆدکراوە تایبەتەکانی سیستەمێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو "وسیمیۆتیتیک بوارێکی زانستییە کە دەقەکان دەخوێنێتەوە بۆ تێگەیشتن و خوێندنەوەی نیشانەکانی ئەو دەقانە، وسیمیۆتیکەکانی تەلارسازی لقێکە لە سیمیۆتیکەکانی هونەر بەگشتی و دواتر ڕێگایەکی سەربەخۆی هەیە بۆ باسکردن و پێشکەشکردن"(Dabagh, 2015, 246)، هەروەها لایەنێکی شیکاری وتەکنیکی هەیە بۆ وەسفکردنی ئاماژە ونیشانەکان، بەتایبەتی ئەوانەی کە کۆدکراون، لەگەڵ ئەوەشدا، سیمیۆتیکەکان بەرەو کردنەوەی کۆدی ئەو هێمایانە هەنگاو دەنێن "ودیراسەتکردنی کلتوری کۆمەڵگا، وتێگەیشتن لەوەی چ مانایەک لە تەلارسازیدا هەیە، یەکێکە لە کێشە ئاڵۆزەکان کە لەلایەن چەندین توێژینەوە ودیراسات باسی لێکراوە، ئەو بابەتەی کە وا دەکات لێکۆڵینەوە لە سیمیۆتیکەکان وبەکارهێنانی ڕێگای سیمیۆتیک لە تەلارسازیدا وەک شتێکی خاچپەخش بێت کە زۆرێک لە بوارەکانی توێژینەوەی تەلارسازی تێیدا کۆدەبنەوە"(عوف، ٢٠٢١٢، ٥٦) وهونەری نیگارکێشی وتەلارسازی هاوچەرخ پێویستیان بە لێکۆڵینەوەیەکی سیمیۆتیک هەیە، هەرچەندە توێژینەوەی زۆر لەسەر ئەم دوو بوارە هەیە ، جا تەلارسازی یان نیگارکێشی، مامەڵە لەگەڵ بابەتەکانی دیکەی پەیوەندیدار بە سەردەمی ئێستا و تەکنەلۆژیای هاوچەرخ دەکەن بە مەبەستی پێشکەشکردنی دەقی تەلارسازی یان نیگارکێشی جیاواز، هەروەها ناسراوە کە ئەم پێشکەوتنە تەکنیکییانە ڕێگە بە بەرهەمی ماددە وکەرەستەی خاو و میتۆدەکانی دیکە دەدات لە پرۆسەکانی دەستکەوتی نیگارکێشی یان تەلارسازیدا، بەمشێوەیە، ئەم دەرخستە نوێیانە وپێشنیازە هونەری و تەلارسازییەکان بەدوای لێکۆڵینەوە مۆدێرنەکاندا دەگەڕێن بۆ ئەوەی ناوەڕۆک و مانا نادیارەکان ئاشکرا بکەن بە ئاشکراکردنی ئەو پێکهاتە دیارانەی واتا لایەنی وەزیفی وتەکنیکی تەلارسازی لە لایەکەوە ولە لایەکی ترەوە تەکنیکی وجوانکاری نیگارکێشی، بۆ ئەوەی بگاتە قۆناغێک کە بتوانرێت تێپەڕێنرێت وسەرنج بدرێتە پێکهاتە قوڵەکان وئەو شێواز و یاسایانەی تێیدایە کە کۆنترۆڵی پێکهاتە دیارەکان دەکەن لەڕێگەی "میتۆدێکی دامەزراو بۆ پێکهێنانی هێڵە سەرەکییەکان وەک ئەوەیە کە سەرەتا بڕیار بدەین دەربارەی ئەوەی دەمانەوێت چی بڵێین، پاشان بەکارهێنانی یاسا و وشەگەل کە گونجاو بۆ گەیاندنی ئەو بیرۆکەیەی کە دەمانەوێت بیڵێین و هەروەک چۆن زمان وشەگەل و یاسای هەیە دەبێت توخمەکان وبەشەکانی تەلارسازی بە پێی پەیوەندی و تایبەتمەندییە نەریتییەکانیان کۆبکرێنەوە بۆ ئەوەی دەستەواژەی دیزاین مانادار بێت، ئەگەر ڕووەکە سرایەوە، بۆ نمونە کاتێک شوێنی وشەیەک لە ڕستەیەکدا بە هەڵە دادەنرێت، ئێمە هەڵەیەکی ڕێزمانی دەکەین" (الاومری، ٢٠١٤، ٢٦) شێوەی هونەری نیگارکێشان یان تەلارسازی دەتوانرێت لە ڕێگەی نیشاندەری فیزیکییەوە هەستی پێ بکرێت کە دەرکەوتنی کارە هونەری و نیگارکێشان و تەلارسازییەکانی وەرگر پیشاندەدات، ئەم نیشانانە ئاماژە بە بانگهێشتکردنی مێشک دەکەن، بەڵام بە پێچەوانەوە بەرزیان دەکەنەوە بۆ قۆناغی گەڕان بەدوای ئەو مەبەست وئامانجانەی کە لە دەقەکەدا بەدوایدا هاتوون وەک سیستەمێکی تەواو لەگەڵ بانگهێشتکردن چونکە پلەبەندێکی شێوەیی وشێوازیکی پێکهاتەیی هەیە کە جیاوازە لە شێوازەکانی تر، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە شێوازە پێکهاتەییەکان تایبەتمەندی وپلەبەندی خۆیان هەیە کە لە دەقێکەوە بۆ دەقێکی تر جیاوازە، واتە کاتێک پرۆسەکانی پێش و پاش لە وشە وتوخمەکان دەبنە هۆی گۆڕانکاری لە وشەکردنی دەق و بەمشێوەیە ماناکە دەگۆڕێت، هەروەک توخمە ماددییەکان لە هونەری تەلارسازی و هونەری نیگارکێشی وەک تێگەیشتنی سیمانتیک وایە کە ئاماژە بە مانا شاراوەکان دەکات وەک ئەوەی کتێبێکی پێچراو بێت کە پێویستی بە خوێندنەوەی چڕ ودەرخستنی مانا ونهێنییە ناوەکییەکانی هەیە.

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2024.pp199-208



شێوە (١)



شێوە (٢)



شێوە (٣)

ئەم لێکۆڵینەوەیە پێکهاتەی مانای مەبەست لە بواری نیگارکێشی و تەلارسازی دیاریدەکات کە تێیدا توخمەکان و وشەگەل و هێما کۆدکراوەکان یەکدەگرن، کە پێویستیان بە کردنەوەی ئەم کۆدانە هەیە، و لێکۆڵینەوە لە ماناکانیان و قوڵکردنەوەی سیستەمی پێکهاتەیی کارە هونەرییەکان بە هاوکاتبوون لەگەڵ کات و مەرجی ئێستادا، ئەمەش لەبەرئەوەیە کە هەمان نیشانە لە خوێندنەوە و لێکدانەوەدا لە هونەرمەندێکەوە بۆ هونەرمەندێکی تر جیاوازە، بۆ نمونە "گەڵای دارەکان سەوزن بە شێوەیەکی گشتی وئەمە بڕیارێکی لۆژیکییە، بەڵام هەموو گەڵاکان سەوز نین و هەموو شتە سەوزەکان گەڵا نین، کەواتە نیگارکێشە کلاسیکییەکە توانی گەڵاکان بە سەوزی بکێشێت وئیمپرێشنیستەکانیش بە هەموو ئازادیەکەیەوە توانیان بە رەنگی سور وێنەکی بکێشێت، بەڵام شێوازی دیکە هەیە کە گەڵاکان شتێکی ترن" (محمد، ٢٠٠٨، ١٣٧) هەروەها دەتوانرێت ئاماژە بە شێوازی جۆراوجۆر بکرێت لە وێنەکێشانی کەسایەتییەکان، لەگەڵ ئەوەشدا، شێوازی ریالیزم نوێنەرایەتی شێوەی مرۆڤ دەکات وەک ئاماژەیەک بە وردەکاری تەواو وجەخت لەسەر سێبەر ورووناکی و جوڵەی و وردەکاریی دەکاتەوە کە بە شێوەیەکی دیاریکراو ڕووبەری دەموچاو داپۆشێت و درێژ دەبێتەوە بۆ بەشەکانی تری وەک لە شێوەی (١) کاری هونەرمەند محمد صبری، و هەرچۆنێک بێت کوبیزم ئەم وردەکارییە ڕاستەقینەیەی لابرد وبەئەنقەست حاڵەتێکی ئەندازەیی بۆ بەرجەستەکردنی شێوەی مرۆڤ وەک لە شێوەی (٢) کاری هونەرمەند پابلۆ پیکاسۆدا بە ئاشکراکردنی شێوازی شیکردنەوە لە شتەکاندا، و مانای لێرەدا ئەوەیە کە شێوەیەکی مرۆڤ بکێشیت، بەڵام دەربڕینەکە لە شێواز و تێڕوانینی هونەرمەند خۆیەوە دەگۆڕێت، هەرچەندە خوێندنەوەی هاوکات سەرچاوە دەگرێت لە ڕودانی تەواوبوونی کارەکە و خوێندنەوەی "وشەی "مانا" چەند مانایەکی هەیە" (عیاشی، ٢٠٠٧، ٣٤)، ولە ئەنجامدا ئەم حاڵەتە لە نیگارکێشی کیوبیزمەوە گوازرایەوە بۆ تەلارسازی وەك لە شێوەی (٣) دیارە لە کاری تەلارساز بیت أودولف، واتا ئەو مانایانە کە لە کاری نیگارکێشی خوێندنەوەی لە بۆ دەکرێت کە پڕ مانایە، بە هەمان شێوە لە کاری تەلارسازی بەدیدەکرێت.


## ٢-٣ چەمکی هیرمۆنتیك لە هونەری نیگارکێشی وتەلارسازی هاوچەرخ

هێرمینیوتیک وەک زانستێکە بۆ دیراسەتکردنی دەقەکان کە بایەخ بە لێکۆڵینەوەی دەقەکان دەدات لە ڕووی لێکۆڵینەوە لە ماناکانیان وئاشکراکردنی ئامانج و ماناکانی ناو پێکهاتەی دەقەکە، لەوانەیە "دەستەواژەی "هێرمێنۆتیک" بە گشتی بۆ ئاماژەکردن بە پرۆسەی لێکدانەوەی دەقەکان بەکاربهێنرێت، (جیرو) ئەم زاراوە بەکاردەهێنێت بۆ ئاماژەکردن بە سیستەمێکی لێکدانەوەی نادیار، یان حەشاردراو، وەسفێکی ڕێژەیی دەکرێت بە کراوە یان فراوان، زۆرجار لە ئاستێکی ژێر ئاگاییدا چالاکە، ئەمەش لە بەرامبەر کۆدەکان، دیارترین و بەتایبەتی لە ڕوانگەی شێوەوە" (تشاندلر، ٢٠٠٠، ٧٩) کە هەموو بەرهەمە هونەری نیگارکێشی وتەلارسازییەکان دەگرێتەوە، کە لە ڕووی پێکهاتە جوانکارییەکانیانەوە و دەربڕینی بارودۆخێک یان ڕوداوێکن.

تەلارساز و هونەرمەندی نیگارکێش وشە و توخمەکانیان لە ژینگەی دەوروبەرەوە وەردەگرن وبەگوێرەی کات وساتێکی دیاریکراو لە سیستەمی کۆمەڵایەتیدا لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکەن، کە وەک فشارێکی ژینگەیی وکۆمەڵایەتی دادەنرێت بۆ چاودێریکردنی مانا خواستراوەکان لە ڕوکاری تەلارسازیدا، سەرەڕای لەدایکبوونی ئاراستە تەلارسازییە جیهانییەکانی هاوچەرخ و زاڵبوونیان لە سەر شێوازی ناوخۆییدا، بەڵام کەلەپوری ناوخۆیی بە ڕەنگێکی جیاواز لە شێوازی نێودەوڵەتی هاوچەرخدا دیسان دەردەکەوێت "ولێرەدا جەخت لەسەر وشەگەلی تەلارسازی مۆدێرن کرایەوە بە شێوازێکی جیهانی شێوە (٤)، بە ڕەچاوکردنی سروشتی وتایبەتمەندییەکانی ئەو ژینگەیەی کە بۆی دیزاین کراوە، بە ڕەچاوکردنی هەندێک لە بنەماکانی گونجاو بۆ واقیعی ژینگەیی ناوخۆیی، بەتایبەتی لە ڕووی چارەسەری کەشوهەواوە و ڕێزگرتنێکی ڕون بۆ هاوتاکانی ناوچەکە" (الدیوجی، ٢٠١٠، ٧) و ڕووی پێکهاتەیی ئەم بینا تەلارسازییانە تەواو نییە بە بێ وەسفێک و فشارێکی ژینگەیی کۆمەڵایەتی کە ئەم وەسف و مانایانە لە پێکهاتەی کاری تەلارسازیدا پەسەند دەکات، بەمشێوەیە، پرۆسەی لێکدانەوە پشت دەبەستێت بە پێکهاتەی سیمانتیکی ئەم شێوە دیارانە بۆ ئەوەی ئاشکرایان بکات وناوەڕۆکی بنچینەییش دەربخات.




شێوە (٤)



شێوە (٥)

بەڵام سەبارەت بە لێکۆڵینەوەی پلەبەندی کە بە خۆی لێکۆڵینەوەیەکی مێژووییە چاودێری پێکهاتەی نیشانەکان دەکات لەکات وشوێنێکی جیاواز، یان بە درێژایی مێژوو، و(پۆڵ ریکۆر) دوپاتی ئەوە دەکاتەوە لەم بارەیەوە ودەڵێت "باری کاتی پەیوەندییەکی لەگەڵ پێکهێنانی سێمانتیک هەیە ، کە بە هێزی مانای دووانە ناسراوە، وسیمبول پێکدێت لە ڕوانگەی سێمانیکەوە، و مانا بە مانا دەبەخشێت، ئەمەش لەبەرئەوەی مانایەکی سەرەتایی و ڕاستەقینە وکۆمەڵایەتی و زۆرجار ماددی هەیە، کە ئاماژە بە مانایەکی میتافۆریکی، ڕۆحی دەکات، بەزۆری بووناسی وئۆنتۆلۆجی، بۆیە هێماکە ڕێگا بۆ بیرکردنەوە دەدات ولێکدانەوە بەکاردەهێنێت" (ریکور، ٢٠٠٥، ٦٠)، وەک لێکۆڵینەوەیەک کە پێویستی بە هەڵکۆڵینی جۆراوجۆر هەیە بۆ سەردەم وشوێنی جیاواز، ئەم نیشانەیە جار جار چاودێری دەکرێت، لە ڕێگەی ئەم گۆڕانکارییانەی شوێن- کات، پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، کولتور و ژینگەش دەگۆڕدرێن، چەندین بینای تەلارسازی هەیە، بۆ نمونە، بەڵام سنوردار نییە بەوەی کە لەکاتێکی دیاریکراودا بینایەکی ئاینی بوون، لە ماوەی دواتردا، بیناکان ئامانجی دیکەیان تێدابوو، ئەو پیرۆزییەی کە ئەو بینایە لە سە ردەمی پێشو هە ڵیگرتبوو ئێستا ئەو پیرۆزییە و ئەو شوێنەی کە لە سیستەمی کۆمەڵایەتیە تێدا هەیبوو لە دەستیدا، و ئەو کارە هونەرییەی کە گوزارشت ودەربڕینی مەبەستداریتی سەردەمێکی دیاریکراوی دەکرد، لە سەردەمی دواتردا، خوێندنەوەی ڕەخنەگرانەی ئەم کارە زیاد دەکات بۆ ئەوەی بوارێکی فراوانتری خوێندنەوە و لێکدانەوە لەخۆ بگرێت بە بەراورد لەگەڵ ماوەکانی پێشوی، "و لێکدانەوە بریتییە لە گەڕانێك لە دوای بیرۆکەیەك ڕەنگە بیری لێی کرابێتەوە  دەربارەی بیرۆکەیەك کە بیری لێنەکرابێتەوە لە ئاسۆی چاوەڕوانیدا کە ئاماژەیەکە و ئاراستەیەکە لەگەڵ ئەگەری لادان لە ڕێگاکە، میتۆدەکە، وکار لە سەر زمان دەکات بە فکر بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە ڕێگای ئەنتۆلۆجیای تێگەیشتنەوە" (ناصر، ٢٠٠٧، ٣٢)، دواتر نوسەران و خوێنەران دەتوانن تێگەیشتن وخوێندنەوەی نوێ دەربارەی ئەم وشەگەلە و هێما کۆدکراوانە لە ناو پێکهاتەی کارەکەدا دروست بکەن، وبگەڕێن بە دوای ئەو بابەتەدا کە ئەوانی تر لە ماوەکانی پێشودا بە دوایدا نەگەڕاون، ئەمە ئەو شتەیە کە هونەرمەند (ضیاء العزاوي) لە کارەکانی خەون وخەونبیندا دەیهۆنێتەوە شێوە (٥) کە توانیویەتی لە ڕێگەی کۆمەڵێک ماناوە چاودێری زۆر بابەتی ئەفسانەیی بکات کە ئاماژە بە قوڵایی مێژووی میزۆپۆتامیا وئیسلامی دەکرد بە پێی تێڕوانینێکی هونەری و شێوازێکی هاوچەرخ، هونەرمەند توانی بە شێوازێکی مۆدێرنی هاوچەرخەوە باس لە چیرۆکێکی مێژوویی بکات، لە ڕێگەی پێکهاتە ئەندازەییەکانیەوە، کە ڕوداوێکی ئاینی ئاژەڵێکی ئەفسانەیی لەخۆ دەگرێت، کە لە یەکەم تەماشاکردندا وا دەردەکەوێت کە ئاماژەیە بۆ بوراق یان هەر ئاژەڵێکی تری لەو جۆرە، لەگەڵ ئەوەشدا، نوێنەرایەتی بابەتەکە بەمشێوەیە پاڵەوانێتی ئیمام عەلی (سڵاوی لێ بێت) لەخۆ دەگرێت، کە بە شمشێرەکەی ناسراوە بەناوی (زولفیقار)، لە کاتێکدا ئەم کارە هیچ شتێکی ڕون وئاشکرای تێدا نییە کە ئیمام عەلی (سڵاوی لێ بێت) تەنها لە ڕێگەی دارشتنی دەقێکی بینراوەوە نەبێت کە ئاماژە بە کەسایەتی وپایەی خۆی بکات "وناتوانرێت دەقەکان کیانی خۆیان دابمەزرێنن تەنها لە ڕێگای لێکدانەوە نەبێت، وئەو واتایانەی کە لە ناویدا هەن سنوردارن بۆ دەربڕینی هەموو ئەو شتانەی کە دەق دەیەوێت بیگەیەنێت، هەروەها دەسەلمێنێت کە نەگونجاوی تێکستەکان بۆ جێگرتنەوەی هەموو ماناکان، بۆیە داواکارییەکە بە لێکدانەوە ئەنجام دەدرێت، بۆ ئەوەی بزانرێت دەقەکە چی پێ ناکرێت و بەرگەی ناگرێت" (حەمید، ٢٠١٨، ٩٩) هەروەها بۆمان دەرکەوت کە ئاماژەیەک هەیە بۆ ڕوخساری سۆمەری بە وێنەکێشانی برۆکان و چۆنیەتی نوێنەرایەتی کردنی چاوەکان و وێنەکێشانی شێوەی ئافرەتێک لە شێوەیەکی لاکێشەیی کە زۆر نزیکە لە مۆرە لوولەکییەکان لە ڕوی وردەکارییەکانی ناو ئەم بۆشاییەوە، هەروەها ئاماژەی بە هێما مێژووییەکانی کرد کە بە وێنەکێشانی گوڵێک لە کۆمەڵێک سێگۆشە پێکهاتووە، دیمەنەکە لە شێوە گشتییەکەیدا ئایکۆنی وێنەی بەناوبانگ و بڵاوکراوەی لە ناوەندی هونەری ومێژوویدا هەیە ، وهونەرمەند نوێنەرایەتی ئەم ئایکۆنانەی کردووە بەپێی ڕێگا و شێوازی هونەری خۆی، ئەمەش لە لایەکی دیکەوە ئاماژە بە ئایکۆنێکی مێژوویی بەناوبانگ لە ڕێگەی کرۆنۆلۆجییەوە دەکات (التسلسل الزمنی)، هەروەها بۆ ئایکۆنێکی وێنەیی هەمان هونەرمەند، بە تایبەتمەندییەکی شێوازییەوە جێبەجێکرا کە بە چاپی هونەرمەند (ضیاء العزاوی) ناسراوە، هەروەها زۆرێک لە وشەگەل و توخمە ئەندازەییە ناسراوەکان کە گێڕانەوەیەکی مێژوویی ناسراویان بە تێڕوانینی خودی هونەرمەندەکە هەیە ، دیارە ئەم فۆرم و توخمانە لێکدانەوەیەکی قوڵ وفراوانیان لە ڕوانگەی هونەرمەندەوە هەیە کاتێک مەبەستی ئەوە بوو کە ئەم بابەتانە لە ڕێگەی بینین وڕێگای خۆیەوە دەربڕێت.

**نیشانەکانی چوارچێوەی تیۆری**

١. نیشانەکان مانای شێوەی نیگارکێشی و تەلارسازی بینراوەکان وەردەگرن کە نوێنەرایەتی بیرۆکەکان دەکەن.

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2024.pp199-208

٢. نیشانەکان شێوازی شێوەی نیگارکێشی وتەلارسازی وزانیاری یان پێشینەی لە پێکهاتەی کۆمەڵگادا هەیە.

٣. سیمیۆتیک جەخت سەر لێکۆڵینەوە لە دەق تەلارسازی ونیگارکێشی لەسەر هەموو ئاستەکان دەکاتە.

٤. هیرمۆنتیك دەرخستنی ئەو مانا شیاوە نەگێردراوانە لە ئەستۆ دەگرێت لەرێی لێکدانەوەی رون و تێگەیشتن بە ئاماژە کردن بە کلتوری و نیشانە کۆدکراوە تایبەتەکانی سیستەمێکی کۆمەڵایەتی کە لە رێگای دەق نیگارکێشی وتەلارسازی دەبینرێن.

٥. سیمیۆتیکەکانی تەلارسازی لقێکە لە سیمیۆتیکەکانی هونەری نیگارکێشی.

٦. هیرمۆنتیك دیراسەتکردنی کلتوری کۆمەڵگا، و تێگەیشتن لەوەی چ مانایەک لە تەلارسازیدا هەیە ، لە خۆ دەگرێت.

٧. شێوەی هونەری نیگارکێشی یان تەلارسازی دەتوانرێت لە رێگەی نیشاندەری فیزیکییەوە هەستی پێ بکرێت.

٨. هیرمۆنتیك بۆ ئاماژەکردن بە سیستەمێکی لێکدانەوەی نادیار، یان حەشاردراو بە کار دەهێنرێت.

٩. لێکدانەوە بریتییە لە گەرانێك لە دوای بیرۆکەیەك رەنگە بیری لێی کرابێتەوە دەربارەی بیرۆکەیەك کە بیری لێنەکرابێتەوە.

١٠. ناتوانرێت دەقەکان کیانی خۆیان دابمەزرێنن تەنها لە رێگای لێکدانەوە نەبێت

## ٣- رێککارەکانی توێژینەوە

٣-١ **کۆمەڵگای توێژینەوە:** بریتیە لە بەرهەمی هونەرییە بەرهەمهێنراو لە جۆری هونەری نیگارکێشانی (تابلۆی هونەری) و تەلارسازی هاوچەرخ لە پارێزگای هەولێر کە لەلایەن هونەرمەندانی کوردستان ئەنجامدراوە لە چۆنێتی دەرخستن و لێکدانەوەی شێوەیی لە بەرهەمە هونەری وتەلارسازییەکان، کە بەرهەمهێنرا بە پێی دیاریکەرەوەکانی شێواز لەو ماوەیە لە بۆ میتۆد و یاسا و بناغە ئەو قوتابخانە هونەریانە کە کاریگەری هەبووە لە سەر شێوە ونیشانەکانی مێژوویی، لە روی دەرخستنی گۆڕان، لەناوبرد، وکورتکردنەوە، کە پشت بە زۆر لە هۆکارەکان لە ئەنجامدانی کاری هونەری ئامرازەکانی وتەکنیکەکانی دەبەستێت.

کۆمەڵگای ئەم توێژینەوە رادەوەستێت لە سەر سیمیۆتیك وهیرمۆنتیك کە کۆمەڵێك ئاماژە فکری پەخشدەکات لە هونەری نیگارکێشی وتەلارسازی هاوچەرخ، لەم ماوەیەدا و لە رێگای راپرسیە سەرەتاییەکانەوە، ولە دوای هەوڵێکی زۆر بۆ بەدەستهێنانی ژمارەیەك کار کە نوێنەرایەتی کۆمەڵگای توێژینەوە بکات، بۆیە توێژەر شیکردنەوەی نمونەکانی لە رێگای میتۆدی وەسفی وشیکردنەوەی (سیمیۆلۆجی -هیرمۆنتیکی) دەکات .

٣-٢ **نمونەی توێژینەوە:** هەڵبژاردنی نمونەکان بە شێوەیەکی بەمەبەستدارێتی دەستنیشانکراوە،کە بگونجێت لەگەڵ داواکارییەکانی بابەتی توێژینەوەکە وئامانجەکانشی بپێکێت.

**٣-٣ ئامرازی توێژینەوە:** پشت بەستن بە دامەزراندنێکی مەعریفی لە بەشی دووەم (چوارچێوەی تێوری توێژینەوەکە) ونیشانەکانی لە دەرخستنی پێکهاتەی دەق کە کاریگەری لە سەر شێوە هەبوو ، بۆ ئەوەی ئامانجەکانی ئەم توێژینەوە بپێکین.

**شیکردنەوەی نمونە**

| | |
|---|---|
|  | <br> |
| نمونە (أ)<br>ناوی هونەرمەند: محمد اسماعیل<br>ناوی کار: شەوێکی هەولێر<br>مێژووی بەرهەمهێنانی: ٢٠٠٢<br>مەتیریاڵ: رەنگی رۆنی لە سەر کانفاس<br>قەبارە: ١٠٠×٧٠سم (سەرچاوە: ئەرشیفی تایبەتی هونەرمەند) | نمونە (١ب)<br>ناوی کار: هوتیلی خانزاد<br>پارێزگا: هەولێر<br>مێژووی بەرهەمهێنانی: ٢٠٠٤<br>ناوی تەلارساز: سیامەند<br>سەرچاوە: هوتیل خانزاد |

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2024.pp199-208

**شیكردنەوەی نمونە (١أ و١ب)**

لە سەروبەندی ئەم دوو كارە هونەرییەی هونەرمەندانی نیگاركێش وتەلارسازییە شێوازێكی نزیك لە یەك دەبینین لە ڕوی بونیادنانەوەی هەردوولا لە ڕوی ڕێكخستنەوەی شێوەكان بە شێوازێكی پلەبەندی واتا لە خوارەوە بۆ سەرەوە و بە ڕەنگی هەمە جۆر، و باڵانسی لایەكان كراوە لە ڕوی دابەشكردنی توخم و وشەگەلەكان كە هەستێكی سەقامگیر دەبەخشێت، و لە كاتی شەودا هەردوو وێنەكە گیراوە كە سیما و ڕوخساریان زیاتر لە یەك نزیك كردۆتەوە، بەڵام هونەرمەند محمد اسماعیل كۆمەڵێك هێما وسیمبولی نەخشاندووە لە سەر چەند ڕوبەرێك یان پارچەیەك وەكو مەبەستێك واتا بە ئەنقەست، لە هەندێك جێگا بە هەمان ڕەنگ نەخشاندویەتی بەڵام بە تۆنێكی كاڵتر و لە هەندێك شوێن بە پێچەوانە، و لە كۆتایدا هونەرمەندی ناوبراو وێنەی شاری هەولێری دروستكردووە لە ژێر ناونیشان (شەوێكی هەولێر) واتا ئەو هەموو ڕەنگ و شێوەیە سیمای شارەكەیە وەكو بینا، ولە بەرامبەردا هۆتێلی خانزادە كە بە شیوەیەكی هەرەمی دروستكراوە بە پلەبەندی و دووبارەبوونەوەی توخمەكان و وشەگەلەكان، لە لای خوارەوە بیناكە زۆر پانە ولای سەرەوە وردە وردە بچوك دەبێتەوە بە مەبەستی سیستەماتیك كردنی شێوەیەكی مەبەستدار.

هەردوو هونەرمەندان (هونەرمەندی نیگاركێش وئەندازیاری تەلارساز) ویستویانە فۆرمی كارەكەیان بە شێوەی سێگۆشە دروستبكەن وەكو نزیكبوونەوەیەك لە شێوەی سێ گۆشە یان هەرەمی كە ئەمیش پێشینەیەكی یەكجار كۆنی لە مێژووی مرۆڤایەتی هەیە، وەكو ئەوەی كە وێنا دەكرێت لە شاری هەولێر كە خاوەنی هەمان مێژووە، و ئەوەی لەم شاردا بژی هەمان هەستی لەلا دروست دەبێت لە كاتی تێكەڵ بوونی لەگەڵ قەڵا وەكو ئیلهامێكی فیكری هەرچەند تەماشای بكەیت بیرۆكەی زیاترت پێ دەبەخشێت، بۆیە دەبینین ئەمشێوازانە وا دەردەكەون كە هەمان فۆرمە بەڵام لەسەر بنەمای فرەیی و هەمەجۆری لە ڕوی نەخشاندنەوە، بە تایبەت كە دەبینین هونەرمەند محمد اسماعیل هەمان ئەو سێگۆشە وبازنە و كۆمەڵێك هێڵی هەمەجۆری نەخشاندووە وەكو ئەوەی بڵێی مۆری لولەكی سەردەمەكانی بابلی و ئاشوری پشانماندەدات لە هەر پارچەیەك و لە سەر هەر خانویەك لە خانووەكانی هەولێر، ئەمجۆرە ستایلانە نامۆنین لە ڕوی سیمیۆتیكەوە بەڵكو ئاشنا بوونێكی باشی لەگەڵ سیستەمی كۆمەڵایەتی ئەم شارە هەیە ، و لە هەمان كاتیشدا هونەرمەند توانیویەتی بێهاوتا لە هاوشێوەبوون و هاوتاكردن و گۆڕانكاری و هەمیشەیی ئەم كارە ئەنجام بدات، بە تایبەتی لە ڕوی ئەستونی شێوەكانەوە و دابەشكردنی بە شێوازێ ئاسۆیی بۆ ئەوەی بە بینەری ڕابگەیەنێت كە دوو جۆرە گوتار و پەیام لەم كارە هونەرییە هەیە ئەویش بەرزی وبێهاوتایی و دووبارە نەبوونەوەی ئەم شارە كە چەندە بەرز وبڵندە ئەمە لە لایەكەوە، وە لە لایەكی ترەوە وێنا ئاسۆییەكەیە كە ئەوەمان پێی دەڵێت سەنگینی وقورسی وسەقامگیری ئەم شارە زۆر بێهاوتایە، وهیچ هێزێك ناتوانێت سەقامگیری ومێژووی ئەم شارە تێك بدات.

هەروەها ئازادی لە هەموو جۆرەكانی توندڕەویی وگۆشەگیری لە چوارچێوەی بازنەیەكی داخراو كە بە یەكلایانە بڕیاڕ بدات، بەشداریكردن لە هەموو شێوەكانی ڕزگاربوون وەكو خاوەن ئەزموونێكی تاڵ ودور ودرێژە لە مێژووی مرۆڤایەتی، هەروەها تەلارساز توانی بە بێ سنوردارکردن وبونیادنانی پەیوەندی نێوان شێوەكانی هەمان پەیام بە بینەر بگەیەنێت، و بۆ زانیاری زیاتر ئەم هوتێلە لە سەر بەرزایەك دروستی كردووە كە هەمان بناغەی قەڵا لە خۆ دەگرێت، وە بە پێی دیدی هاوسەردەمیانە وبە تایبەت وەكو ئەوەی فۆكۆ وتی زیادكردنەوە لە جیاتی كەمكردنەوە، بە مەبەستی هەمەجۆركردن و بڵاوكردنەوە، بەم ئاراستەیە دەڕوات، لە ڕێگای نیشانەكان كە مانای شێوە بینراوەكان وەردەگرن ونوێنەرایەتی بیرۆكەكان دەكەن بە مەرجێك گەر ئەو شێواز و شێوە زانیاری یان پێشینەی لە پێكهاتەی كۆمەڵگادا هەبێت ، واتا هونەری نیگاركێشی و تەلارسازی وابەستەی بنەچەی گۆمەلگایە گەر نا دەبێتە شتێكی نامۆ لە ناو خودی كۆمەلگادا، ولە ڕێگای هیرمۆنتیك وەكو زانیتێك كە دیراسەتی كلتوری كۆمەڵگا دەكات، و تێگەیشتن لەوەی چ مانایەک لە هونەر و تەلارسازیدا هەیە.

واتا لێكدانەوە (هیرمۆنتیك) بریتییە لە گەڕان بە دوای بیرۆكەكان لە ڕێگای سیمبول و هێماكان كە لە زانستی سیمیۆتیكدا هاتووە لە بەرئەوەی ناتوانرێت دەقەكان خودی خۆیان دابمەزرێنن بە بێ لێكدانەوە، بۆ نمونە ئەو دووبارەبونەوە كە بەدی دەكرێت لەم تەلارە بناغەكەی دەگەڕێتەوە بۆ هونەر و تەلارسازیی ئیسلامی كە بە پێ لێكدانەوەكان گوزارشتی لە توانای خودای پێ پایان دەكات لە هێز و توانا و گەورەیی لە ڕوی دووبارەبوونەوەی بێ كۆتا واتا دەسەڵات وگەورەیی خودا بێ كۆتاییە، هەروەها ڕەنگە تەلارساز بە هەمان بنچینە دەڕوانێتە كارەكەی ئەمە لە لایەك، لە لایەكی ترەوە هونەرمەند و تەلارسازی هاوچەرخ زۆر جار گوزارشت لە جوانی شیوەكان دەكەن بە باگراوندێكی ئایینی یان كەلتوری یان مێژوویی، هەروەها هونەرمەند محمد اسماعیل هەمان دووبارەبوونەوەی ئەنجامداوە بە شێوازێكی هونەری هەمە ڕەنگ پڕ لە هێڵ وسیمبول وەكو لێكدانەوەیەكی سیمیۆتیكی، ولە هەمان كاتدا وێنای منارە دەكرێت لە سەروی بیناكان لەگەڵ بوونی مانگ، ئەمشێوەیە لە سەروی منارەی مزگەوتەكان دەبینرێن، كە بە هەمان شێوە گوزارشت لە لایەن گەورەیی وجوانی ئاسمانی شارەكە دەكات هەروەها ئەم شێوەیە هەتا وەكو ئێستاش لە منارەی مزگەوتەكاندا بوونی هەیە، كە دەربڕینێكی ئایینیە لە ڕوی تواناكانی خودای بەخشندە لە دروست كردنی فراوانی ئەرز و ئاسمان، بۆیە هونەرمەندی ناوبراو پێدەچێت بە هەمان بیروبڕوا هەنگاوی نابێت چونكە ئەم شارە ناسراوە بە شاری پیاوچاك وئایینی .

گەر بگەڕێینەوە سەر بیناكە دبینین لە ناوڕاستەوە چارەكە بازنەیەك لە ناوەندی بیناكە هاتووەتە دەرەوە وەكو سەنتەری بیناكە كە گوزارشت لە پتەوەی و هێز ویەكگرتویی بیناكە دەكات، واتا هەموو ئەو بینایە پشتی بەستووە بە پارچەی ناوەندەوە كە هەموو بیناكەی بە خۆیەوە بەستۆتەوە، ئەمەش وەكو لێكدانەوەیەكی سیمیۆتیكەوە واتای هێز وتوانا دەگرێتەوە هەروەها یەكڕیزی وپتەویی ویەكپارچەیی ئەمە لە لایەكەوە ، لە لایەكی ترەوە كورد وەكو میلەتێك كە هەمیشە ژیانی لە ناو شاخ بەسەر بردووە وەكو پێكهاتەیەك كە ناوەندی شاخ بەرزی وبڵندی لە خۆ دەگرێت وهەردوو لاكانی دەبەستێتەوە پارچەی ناوەند وەكو شكۆ وهێز وگەورەی.



نمونە (٢أ)
ناوی هونەرمەند: نامیق عەلی
ناوی کار: پاشماوەی جەنگ
مێژووی بەرهەمهێنانی:
مەتیریاڵ: ڕەنگی ڕۆنی لە سەر کانفاس
قەبارە: ٢م×٢م
ئەرشیفی تایبەتی هونەرمەند



نمونە (٢ب)
ناوی کار: مزگەوتی ئاڵتون
پارێزگا: هەولێر
مێژووی بەرهەمهێنانی: ٢٠١٥
ناوی ئەندازیاری تەلارساز: ئالان عبد الغفور
سەرچاوە: مزگەوتی ئاڵتون

**شیکردنەوەی نمونە (٢أ و٢ب)**

کاری هونەرمەند نامیق عەلی لە ڕواڵەتدا وا پشانی بینەر دەدات کە کاتی شەوە و دیمەنی قەبرسانێکە پڕە لە قەبری هەمە جۆر گچکە وگەورە ومامناوەند...هتد و دیمەنەکە لە پێشەوەیە وبە پێی ڕوانگە قەبرەکان دور دەکەونەوە دواتر بە ڕەنگیکی ڕەش ئاسمانەکەی داپۆشیووە زۆر بە سافی و لە لوتکەی دیمەنەکە مانگ بەدی دەکرێت، کە تەمەنی ڕەنگە چەند ڕۆژێك بێت وەکو ئەوە لە کوردەواری خۆمان پێی دەڵێن، هەروەها لە پێشی پێشەوەی قەبرسانەکە کۆمەڵێك هێما بەدی دەکرێت وەکو هێمای چواری مەچەکی شمشێرێکی شکاو ولە تەنیشتی سەری شمشێرەکە دانراوە، و هێما شێوەی مانگ و ئەوانی دی هێڵی چەماوەیە.

نمونە (٢ب) کاری ئەندازیاری تەلارساز (ئالان عبد الغفور) مزگەوتی ئاڵتون پێکهاتووە لە پێکهاتەیەکی شێوەی شەشپاڵو وگومەزێکی لە سەرە بە شێوەی کەوان بە ڕەنگی زەرد ومەنارەیەك لە تەنیشتی شەشپاڵووەکە کراوە کە ڕوی لە ئاسمانە بەلام هەمان مەنارەیە، بەڵکو بە شێوازێکی مۆدێرن دروستکراوە ولە سەرەوەی منارەکە بۆشایەك بە جێماوە ئەوجار وەکو شێوەی گومەزێکی گچکەی لە سەر دروستکراوە ولاتنیشتەکەی کۆمەڵێك هێڵی ئاسۆیی تێدایە لەگەڵ شێوەی چوارگۆشەی بچوك.

گەر دیقەتی کاری هونەرمەند (نامیق عەلی) بدەین وای دەبینین کە کۆمەڵێك هێما و شیوەی کۆدکراو و مەبستداری دروستکردووە لە ناو بۆشایەکی کە بە پێچەوانەی کارە هونەرییەکانی دیی دروستیکردووە بە تایبەت لە ڕوی دانای تابلۆکە کە بە ئستونی دایناوە، هەر ئەوە بە خۆی مەبەستی جۆارو جۆر لە خۆ دەگرێت، یەك لەو مەبەستانە ڕەنگە هونەرمەند ویستوویەتی بێهاوتایەك بنوێنی لە ڕوی دانای تابلۆکەی یان ویستویەتی بیگونجێنێت لەگەڵ ئەو فۆرمانە کە لە ناو تابلۆکە کە سەر قەبرەکانە ڕووی بە ئاسمانە بە هەمان شێوەی تابلۆکە، کە ڕەنگە مەبەستیشی ئەوە بێت کە خودی تابلۆکەش بیکات بە قەبر، بەڵام لە ناو تابلۆکە ئاسمانێکی ڕەشی پۆشیووە واتا بێ ئومێدی وفەنابوون زۆر ڕونە لەو فەزا ترسناکە، و لە لوتکەی ئاسمانەکە مانگێك دەبینرێت پێدەچێت شێوەی ئەو مانگە ئومێد بەخش بێت لە ڕوی هەبوونی ئەو پارچە زێرینە لە ناو بۆشایەکی ڕەش، ولە سەر زەویە تەختایەکە کۆمەڵێك قەبر بەدی دەکرێت ،کە زۆریان بە سێگۆشەی خوار وخێچ وناڕێك دروستکراوە وهەندێکیان وەکو مرۆڤێك دانیشتووە بە جولەی جۆراوجۆر، ئەو جۆرە جوڵەیە کۆدێکی مەبستداری هونەرمەندی تێدایە کە دەکرێت لایەنێکی شیکاری وتەکنیکی بۆ تێگەیشتن لە ئاماژە ونیشانەکان هەبێت ، بەتایبەتی ئەوانەی کە کۆدکراون، و بە پێی میتۆدی سیمیۆتیك دەکرێت ئەو کۆدانە بشکێنین و ڕونی بکەینەوە کە وەرگر هیچ هۆکارێکی لۆژیکی لە ڕوی بوونەوە نادۆزێتەوە بۆ شتێك تێگەیشتنی خۆی تێدا نەبینێت، وسیمیوتیك بەرەو کردنەوەی کۆدی ئەو هێمایانە هەنگاو دەنێن کە نەکردنەوەی کۆدەکانی و تێگەیشتنی هیچ پاساوێك بۆ بوونی ئەو شتانە نییە ، بۆیە دروستکردنی قەبرەکان بەو شێوەیە کە ڕوی لە ئاسمانە وەکو پاڕانەوەیەك لە خودای مەزن وەکو بەزەییەك یان وەکو ئەوەی کە ئەم خەلکانە بە بێ تاوان کوژراون وهیچ کوناهێکیان نییە، و هەمە جۆری قەبرەکان لە ڕوی قەبارە و جوڵە و ئاراستەکان ئەوەمان پێدەڵیت کە ئەم خەڵکانە خەلکی ئاسایی هەمە جۆر بوونە لە ڕوی قەبارە و شێوە و ئاست و پێگەی کۆمەڵایەتی و لە هەمان کاتیشدا خەڵکێکی بێ لایەنن لە بەر ئەوەی شتێك نییە هەموویان پێکەوە ببەستێتەوە بە یەك جگە لە ڕەنگەکە، و ئەو ڕەنگەش ئەوەمان پێدەڵێت کە هەمووان لە یەك نەتەوە یان تایفە یان هەرشتێکی تری لەم جۆرە، بەڵام ئەو شمشێرەی لە خوارەوە کە بە شکاوی دانراوە ئەوەمان پێدەڵێت کە هەرچەندە زوڵم و زۆری هەبێت دەبێت ئەو دەستە و لایەنە کۆتاییان پێ

بێت وەكو ئەوەی كە دەبینین ئەو ئامرازانە كە بەكار هاتبوو بۆ كوشتن و برین وا ئێستا شكاوە وكۆتایی پێ هاتووە.

بەلام گەر بڕوانینە بینای مزگەوتەكە دەبینین منارەی مزگەوتەكە بە هەمان شێوەی قەبرەكان ڕوی كردۆتە ئاسمان وەكو پاڕانەوەیەك وەكو نزایەك بۆ جێگای بوونی خودای مەزن، ولە هەمان كتێشدا ڕاوەستانی ئەم منارەیە بەشێوەیەكی ئەستونی ئاماژەیە بە گەورەیی وپیرۆزی ومەزنی كە هەمان پیرۆزی ومەزنی ئەو خەڵكە بێ تاوانەیە بە ناهەق شەهیدكراون، و ڕوی خاكەكەیان لە ئاسمان وەكو شەهیدێكی بێ تاوان، لێرەدا هونەری شێوەكاری وتەلارسازی پێویستیان بە لێكۆڵینەوە بۆ دەرخستنی مەبەستەكان و خوێندنەوەی هەموو هێڵ و هێما وخاڵێك هەبێت لە ناو كارێكی نیگاركێشی و تەلارسازی، وەكو ئەوەی دەبینین كە تەلارساز ئەم كارەی ئەنجامداوە بە شێوەیەكی مۆدێرن لە بۆ مزگەوتێك كە تەمەنی بیرۆكەی ئایینی ئیسلام دەگەڕێتەوە بۆ ١٤٠٠ ساڵ پێش ئێستا، بۆیە بەرهەمە هاوچەرخەكان، هونەری تەلارسازی یان نیگاركێشی، مامەڵە لەگەڵ بابەتەكانی دیكەی پەیوەندیدار بە سەردەمی ئێستا وتەكنەلۆژیای هاوچەرخ دەكەن بە مەبەستی پێشكەشكردنی دەق تەلارسازی یان نیگاركێشی جیاواز و هاوچەرخ وەكو ئەوەی كە تەلارسازە ئەنجامی داوە.

و لە هەمان كاتیشدا دەبینین گومەتی مزگەوتەكە بە شێوازێكی مۆدێرن دروستكراوە كە گوزارشت لە گەورەیی وگۆی زەوی دەكات لە بەر ئەوەی هەمیشە تەلارساز و هونەرمەندی شێوەكاری وشە و توخمەكانیان لە ژینگەی دەوروبەرەوە وەردەگرن و بەگوێرەی كات و ساتێكی دیاریكراو لە سیستەمی كۆمەڵایەتیدا لێكۆڵینەوەی لەسەر دەكەن، واتا پێویستیان بە نەخشاندن و جوانی و پڕ مانا هەیە، چونكە كاری هونەری و تەلارسازی وەكو ئەوەی كە دەیزانین دەبێت لایەنی گونجاندنی هەبێت لە ناو كۆمەڵگادا و جوانیشی هەبێت بۆ ئەوەی ببێت بە مایەی سەرنج بۆ هەمووان، ولایەنی ژینگەیی و كۆمەڵایەتی وەكو فشارێك دادەنرێت بۆ چاودێریكردنی مانا خواستراوەكان لە ڕوكاری تەلارسازیدا بۆ ئەوەی پەیوەندێكی تەواو لە نێوان كۆمەڵگا وكاری تەلارسازی دروستبكات سەرەڕای لەدایكبوونی ئاراستە تەلارسازییە جیهانییەكانی هاوچەرخ و زاڵبوونیان لە سەر شێوازی ناوخۆییدا، بەڵام كەلەپوری ناوخۆیی بە ڕەنگێكی جیاواز لە شێوازی نێودەوڵەتی هاوچەرخدا دیسان دەردەكەوێت و لێرەدا جەخت لەسەر وشەگەلی تەلارسازی مۆدێرن كرایەوە بە شێوازێكی جیهانی بە تایبەت لەم كارەی مزگەوتی ئاڵتون، هەروەها شێوەی شەشپاڵو ، وەكو پێكهاتەیەكی كۆن و ناسراو دەلالەت لە گەورەیی پالان وسەقامگیری دەكات وەكو دامەزراوەی پێكهاتەیەك لە سەر تەختایی كە جوڵانەوەی مەحاڵی وسەقامگیری هەمیشەیی لە خۆ دەگرێت.

## ٤- بەشی چوارەم:

### تەوەری یەكەم: ئانجامەكان ودەرئەنجامەكان.

#### ٤-١ ئانجامەكان:

١- شێوەبینراوەكان لە ڕواڵەتدا هەڵگری پەیام و واتاكانن بە مەبستی نوێنەرایەتیكردنی ماناكان وەكو ئەوەی لە نمونە (١أ و١ب) دەبینین.

٢- سیمیۆلۆژی لە ناو بازنەی هونەری وتەلارسازیدا كار دەكات لە سەر دەرخستنی گوتار وئەو مەبەستانە كە هونەرمەند یان تەلارساز دەیەوێت بیگەیەنێت بە بینەر بە مەرجی هەبوونی پێشینەی پێشەكی لە سیستەمی كۆمەڵایەتیدا. هەردوو نمونە

٣- دەقەكانی تەلارسازی و هونەری شێوەكاری بە هەموو ئاستەكانیەوە جێگای لێكۆڵینەوەی سیمیۆتیكە. هەردوو نمونە.

٤- مانای شیاو ونەگێڕدراو لە ناو دەق تەلارسازی و هونەری شێوەكاری جێگای پشكنین و دەرخستنە بە میتۆدی هیرمۆنتیك بۆ لێكدانەوە وتێگەیشتن. (هەردوو نمونە)

٥- نیشانەكانی تەلارسازی وەرگیراوە لە نیشانەكانی هونەری شێوەكاری بە مەبەستی زیاتر بەخشینی ماناكان. هەردوو نمونە.

٦- نیشانەكانی نیگاركێشی وتەلارسازی نیشانەی سیمیۆتیكن كە بە میتۆدی هیرمۆنتیك لێكدانەوەی لە بۆ دەكرێت. هەردوو نمونە.

٧- هەموو ئەو مەبەست ونیشانە كۆدكراوەكان یان مانا حەشاردراوەكان لە ڕێگای هیرمۆنتیكەوە لێكدانەوەی وردی لە بۆ دەكرێت. هەردوو نمونە.

٨- پێكهاتەی دەقەكان لە ڕێگای لێكدانەوە دەسەپێنرێن. هەردوو نمونە.

#### ٤-٢ دەرئەنجامەكان:

١- هونەری نیگاركێشی وهونەری تەلارسازی بریتین لە كۆمەڵێك نیشانە وەكو ئاماژەیەكی سیمیۆتیك هەژماردەكرێت، ولە ڕێگای هیرمۆنتیكەوە دەرخستنی لە بۆ دەكرێت.

٢- هێماكان ونیشانەكان وەكو ئاراستەیەكی سیمیۆتیك خوێندنەوەی لە بۆ دەكرێ، و هیرمۆنتیك گریمانەی جۆراوجۆر بە دەردەخات لە بۆ ئەو نیشانە و هێمایانە.

٣- دەقەكان بە كراوەیی دەمێننەوە بۆ ئەوەی خوێندنەوەی زیاتری لە بۆ بكرێت، واتا دەقەكان هەرگیز نابێت دابخریت وەكو لۆژیكێكی سیمیۆتیك وهیرمۆنتیكی.

### تەوەری دووەم: ڕاسپاردەكان، پێشنیازەكان

١- ڕاسپاردەكان: پشت بەستن بەوەی توێژەر پێی گەیشت لە ئەنجامەكان و دەرئەنجامەكان ،وەكو تەواوكەرێك سودی زانستی و مەعریفی، توێژەر ڕاسپاردەی ئەوە دەكات كە بابەتێكی نوێ دابنرێت بەناونیشانی سیمیۆتیك و هیرمۆنتیك لە هونەری نیگاركێشی و تەلارسازی هاوچەرخ بۆ قوتابیانی بكالۆریۆس وماستەر لە كۆلێجی هونەرەجوانەكان، لە بەر گرینگی و گەورەیی ئەم بابەتە لە دەرخستنی توانا هونەرییەكانی قوتابییەكان.

٢- پێشنیازەكان: توێژەران پێشنیازی ئەم ناونیشانە دەكەن لای خوارەوە: سیمیۆتیك و هیرمۆنتیك لە هونەری شێوەكاری پۆست مۆدێرنزم (دیراسەیەكی سیمیۆلوجی)

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2024.pp199-208

## لیستی سەرچاوەكان


أحمد محمد صلاح الدين أحمد عوف، واخرون، السيميائية كمدخل لتحليل اللغة البصرية للعمارة قراءة سيميائية لمقبرة خيتى من مقابر بنى حسن بالمنيا، مجلة العمارة والفنون، العدد السابع عشر، ٢٠١٢.

امبرتو ايكو، التأويل بين السيميائيات والتفكيكية، ترجمة: سعيد بنكراد، المركز الثقافي العربي، بيروت، ط١، ٢٠٠٠.

الان دونو، نظام التفاهة، ط١، ترجمة: مشاعل عبد العزيز الهاجري، دار سؤال للنشر، لبنان – بيروت، ٢٠٢٠.

البستاني، بطرس، محيط المحيط، المجلد الثاني (ص -ي)، بدون تاريخ ولا دار نشر.

بلاسم محمد، الفن التشكيلي، قراءة سيميائية في أنساق الرسم، ط١، عمان-الاردن، دار مجدلاوي للنشر والتوزيع، ٢٠٠٨.

بول ريكور، صراع التأويلات، دراسات هيرمينوطيقية، ط١، ترجمة: منذر العياشي، دار الكتاب الجديد المتحدة، بيروت-لبنان، ٢٠٠٥.

دانيال تشاندلر، معجم المصطلحات الاساسية في علم العلامات، ترجمة وتقديم: شاكر عبد الحميد، أكاديمية الفنون، وحدة الاصدارات، دراسات نقدية، ٢٠٠٠.

الرازي، محمد بن ابي بكر بن عبدالقادر، مختار الصحاح، دار الكتاب العربي، ب.ت، بيروت.

رنا فتحي الاومري، اللغة الهندسية المعمارية في قلعة أربيل، دراسة تحليلية للانظمة الهندسية للدور السكنية في قلعة اربيل، بحث منشور، مجلة السليمانية للعلوم الهندسية، المجلد:١، العدد: ١، ٢٠١٤.

شبيب عيدان شبيب المدحتي، التنوع الأسلوبي في رسوم جماعة الأربعة، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية الفنون الجميلة / جامعة بابل، ٢٠١٣.

عبد العزيز حمودة، المرايا المحدبة، من البنيوية الى التفكيك، عالم المعرفة الكويت، ١٩٧٨.

عمارة ناصر، اللغة والتأويل، مقاربات في الهرمينوطيقا الغربية والتأويل العربي الإسلامي، ط ١، منشورات الاختلاف، الجزائر، ٢٠٠٧.

مجموعة نقاد، الاسطورة والرمز، مبادئ نقدية وتطبيقات، ترجمة: جبرا أبراهيم جبرا، درا حرية للطباعة، وزارة الاعلام، الجمهورية العراقية ١٩٧٣.

محمد الشيخ، وزميله، مقاربات في الحداثة ومابعد-الحداثة، حوارات منتقاة من الفكر الالماني المعاصر، ط١، دار الطليعة للطباعة والنشر، لبنان-بيروت، ١٩٩٦.

محمد شوقي الزين، الفينۆمينۆلۆجيا وفن التاويل، مجله فكر ونقد، دار النشر المغربيه، عدد١٦، الدار البيضاء، ١٩٩٩.

ممتاز حازم الديوجي، واخرون، الهوية المكانية لبيئة السكن في توجهات العمارة العراقية المعاصرة وانعكاسها على النتاج المعماري الأكاديمي، بحث منشور، الجامعة التكنولوجية، قسم الهندسة المعمارية، المجلد٦، العدد١٩، العراق، ٢٠١٠.

منال بن حميد، النظرية النقدية المعاصرة والادب الرقمي، أطروحة دكتوراه غير منشورة، جامعة محمد بوضياف بالمسلية، كلية الآداب واللغات، ٢٠١٨.

منذر عياشي، اللسانيات والدلالة، ط٢، مركز الإنماء الحضاري للنشر، لبنان-بيروت، ٢٠٠٧.

Amirmasoud, Dabagh. the reflection of semiotics theories in the architectural reading of the contemporary mosques. Indian journal fundamental and applied life sciences, (2015).

Amirmasoud, Dabagh. the reflection of semiotics theories in the architectural reading of the contemporary mosques. Indian journal fundamental and applied life sciences, (2015).

Crowe, Norman: (Nature & The Idea Of A Man - Made World) The M.I.T. Press, Cambridge, Massachusetts, London, 1995.

Lock Firy -Philosopher a Dix huit and Paris Grasset. Paris. 1999.